بەرنامەی تێکەڵکردنەوەی یەکێتیی ئەورووپا EURP / FRONTEX

# یارمەتیی تێکەڵکردنەوە بۆ کۆچبەران

وەک بەشێک لە خزمەتگوزارییە هاوبەشەکانی تێکەڵکردنەوەی فڕۆنتێکس



وەشانی کوردی

ئێمە لێرەین تا هاوکاریت بکەین

## ڕاوێژکاری گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوەم دەتوانێت چیم بۆ بکات؟

لە کاتی دانیشتنە ڕوو-بە-ڕووەکاندا، ڕاوێژکاری گەڕانەوەت زانیاریی گرنگت پێ دەدات دەربارەی گریمانەکانی گەڕانەوە و بژاردەکانی هاوکاریکردن و یارمەتیی تێکەڵبوونەوە. ڕاوێژکارەکەت ڕاهێندراوە هاوکاریت بکات و دەتوانێت وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بداتەوە. هەرکات ویستت، دەتوانیت لە ڕاوێژکاری گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوەکەت بپرسیت ئەو مافانە چین کە پەیوەستن بە داواکارییەکەتەوە. دەتوانیت لە دانیشتنە ڕاوێژکارییەکاندا داوای وەرگێڕێک بکەیت، ئەگەر حەزت نەکرد بەو زمانە بدوێیت کە ڕاوێژکارەکە قسەی پێ دەکات.

ئەگەر خوازیاریت یارمەتیی تێکەڵکردنەوە وەربگریت، دەبێت ڕاوێژکارەکەت زانیاریی گرنگ لە تۆ وەربگرێت تا کار لەسەر داواکارییەکەت بکات. داوات لێ دەکرێت زانیاریی لەسەر ناسنامەی کەسیی خۆت و ئەندامانی خێزانەکەت و شوێنی ژیانیان و زانیاریی پەیوەندی پێوەکردنیان بدەیت. ئەو زانیاریانەی پێشکەشیان دەکەیت بەپێی داواکارییە یاساییەکانی پاراستنی زانیاری لێت وەردەگیرێت. هەر پێداویستییەکی تایبەتت هەبوو، ڕاوێژکارەکەتی لێ ئاگادار بکەرەوە.

لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەتدا، داوات لێ دەکرێت فۆرمێک پڕ بکەیتەوە و ڕێگە بە فڕۆنتێکس (Frontex) بدەیت زانیارییە کەسییەکانت بەکاربهێنێت. بۆ دڵنیابوونەوە لە ناسنامەکەت، هاوەڵی تێکەڵکردنەوە پێویستی بەم زانیارییە هەیە و ئەم زانیارییەش تەنها بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت، ئەمەش بەپێی ڕێسای ئەورووپی بۆ پاراستنی زانیاریی گشتییە.

تێبینییەکان

## هاوەڵی گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوەی (ناوخۆیی)م دەتوانێت چیم بۆ بکات؟

لە وڵاتی زێدی هاوەڵی، تێکەڵکردنەوە کەیسەکەت وەردەگرێت. ئەگەر داوای یارمەتیی ئەگەرەکانی کرد، دەکرێت هاوەڵەکە لە فڕۆکەخانە پێشوازیت لێ بکات و پێداویستییە بەپەلەکانت بۆ دەستەبەر بکات. ئەگەر داوات کرد بۆ ماوەیەکی درێژتر یارمەتی وەربگریت، هاوەڵی تێکەڵکردنەوەکەمان لە پەیوەندیدا دەبێت لەگەڵت و چانسی ئەوەت هەیە وەڵامی پرسیارەکانتی لێ وەربگریت. هەمیشە خۆشحاڵ دەبین پەیوەندیی بە هاوەڵەکەمانەوە بکەیت. ئەگەر هەر گومان یان پرسیارێکت هەبوو، بێ دوودڵی پەیوەندی بە هاوەڵی تێکەڵکردنەوەکەوە بکە.

**!**

**گرنگە تێبینی بکەیت کە:**

- هاوەڵی تێکەڵکردنەوەکە یان هاوەڵە ناوخۆییەکانی لە ماوەی کاتژمێرەکانی کارکردندا یارمەتیت پێشکەش دەکەن.
- ئەنجامدانی ڕەفتاری خراپ و/یان تێکدەرانە بەرامبەر بە هاوەڵی تێکەڵکردنەوە یان هاوەڵێکی ناوخۆیی ڕێگەپێنەدراوە.
- هاوەڵی تێکەڵکردنەوە ناتوانێت هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە ڕووبەڕووت دەبنەوە؛ تەنها ئەو هاوکاریانەت پێشکەش دەکات کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون.
- بۆ پێشکەشکردنی داواکاری، پێویستت بە ناسنامەیەک هەیە.
- بۆ تەواوکردنی پرۆسەی پێشکەشکردن، پێویستە فۆرمی ڕەزامەندی واژۆ بکەیت.

PRINT / TT-05-23-164-OH-C / ISBN 978-92-9406-384-7 / doi 10.2819/345366
PDF / TT-05-23-164-OH-N / ISBN 978-92-9406-380-9 / doi 10.2819/778907




تکایە لە وڵاتەکەی خۆت پەیوەندی بە هاوەڵی تێکەڵکردنەوەکەوە بکە

دەتوانیت لەم ماڵپەڕەی خوارەوەدا سەرجەم زانیارییەکان بخوێنیتەوە ←

FPI-23.0027_KU_sorani

## سوودەکانی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە چییە؟

**تێدەگەین کە دەکرێت گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت کارێکی قورس بێت. ئێمە لێرەین بۆ پشتگیری کردنتان بکەین. دەتوانین یارمەتیت بدەین خۆت بۆ گەشتەکە ئامادە بکەیت و لەو دەرفەتانەش ئاگادارت بکەینەوە کە پاش گەیشتنت دێنە بەردەستت.**

ئەگەر بڕیارت داوە ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە یان دەسەڵاتی نیشتیمانیی وڵاتی ئەندام بڕیاری گەڕانەوەتی داوە، بۆی هەیە ئەو یارمەتییە بتگرێتەوە کە پەیوەستە بە تێکەڵکردنەوەت بە کۆمەڵگەی وڵاتەکەتەوە. فرۆنتێکس، دەزگای پاسەوانی سنوور و کەناراوەکانی ئەوروپا، بەرنامەیەکی بە ناوی **خزمەتگوزارییە هاوبەشەکانی تێکەڵکردنەوە** داناوە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وڵاتەکەی خۆت بەشداری پێ دەکات. ئەم ڕێکخراوانە ئەزموونیان لە پێشکەشکردنی یارمەتیی تێکەڵکردنەوە هەیە و ئامادەن لە کاتی گەڕانەوەت و دەستپێکردنی ژیانێکی تازە لە وڵاتەکەی خۆت هاوکاریت بکەن.

ڕەنگە گەڕانەوە ئاڵۆز دەربکەوێت. بۆی هەیە پرسیاری زۆر بوروژێنێت و دڵەڕاوکێت بۆ درووست بکات. **تا لە دۆزینەوەی وەڵامەکاندا هاوکاریت بکەین، کارمەندی پسپۆڕ بۆ نموونە ڕاوێژکارانی گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوەت بۆ دابین دەکەین.** به ڕێکارە یاسایی و کارگێری و دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان ئاشنات دەکەن، ڕێنوێنیت دەکەن تا بڕیاری گونجاو دەربارەی ئایندەت بدەیت.

ئەگەر پێویستت بە چاودێریی تایبەت هەیە، بۆ نموونە، ئەگەر تۆ منداڵێکی تەنها یان ژنێکی دووگیان بیت، ئەگەر قوربانییەکی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بیت، یان ئەگەر دۆخێکی پزیشکیی یان کەمئەندامییەکت هەبێت، یان ئەگەر منداڵت لەگەڵدا بێت، تکایە ڕاوێژکاری گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوە لەمە ئاگادار بکەرەوە. ڕاوێژکارەکە کارێک دەکات دۆخە کەسییە پەیوەندیدارەکانی تۆ ڕەچاو بکرێن تا باشتر لەگەڵ ئەو جۆری هاوکاریی تێکەڵکردنەوەیەی تۆ بگونجێت.

## ئایا یارمەتیی تێکەڵکردنەوە من دەگرێتەوە؟

دەتوانیت یارمەتیی تێکەڵکردنەوە وەربگریت ئەگەر:

ا. تا ئێستا وەڵامێکی کۆتایی نەرێنیت لەسەر داواکاری مانەوەت، نیشتەجێبوونی یاسایی و/یان پاراستنی نێودەولەتی (مافی پەنابەری) وەرنەگرتووە و بڕیار دەدەیت بگەڕێیتەوە. لەو حاڵەتەدا ئێمە تاوتوێی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دەکەین.

ب. **وەڵامێکی کۆتایی نەرێنی** و/یان ئەوەی پێی دەڵێن 'بڕیاری گەڕانەوە'ت وەرگرتووە، کە کۆتا وادەیەکی بۆ تۆ دیاری کردووە تا ناوچەی دەسەڵاتی وڵاتی ئەندام بەجێبهێڵیت. بڕیارت داوە بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێیتەوە. لەو حاڵەتەدا ئێمە تاوتوێی دەرچوونی ئارەزوومەندانە دەکەین. دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانی ئەو وڵاتە ئەوروپییەی لێی نیشتەجێیت لە ئەگەری وەرگرتنی یارمەتیی تێکەڵکردنەوە

ت. بڕیاری گەڕانەوەت بەدەست گەیشتووە ، وەک لە خاڵی ب دا ڕوونکراوەتەوە، و بڕیارت نەداوە لە کۆتا وادەی دیاریکراودا دەربچیت (دەرچوونی ئارەزوومەندانە). لەم حاڵەتەدا بڕیاری گەڕانەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەبێت بە دەرەنجامی گەڕاندنەوەی بەزۆر ڕازی بیت.

ئەگەر مافی مانەوە، نیشتەجێبوونی یاسایی و/یان پاراستنی نێودەوڵەتی (مافی پەنابەری)ت لە وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا هەیە ، **یارمەتیی تێکەڵکردنەوە تۆ ناگرێتەوە.**

**تکایە تێبینی بکە** لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خزمەتگوزارییە هاوبەشەکانی تێکەڵکردنەوە، وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، بە پشتبەستن بە یاسا نیشتیمانییەکانیان، بڕیار دەدەن لەوەی ئایا یارمەتیی تێکەڵکردنەوە دەتگرێتەوە یان نا.

## چ جۆرێکی یارمەتیی تێکەڵکردنەوە بەردەستن؟

خزمەتگوزارییە هاوبەشەکانی تێکەڵکردنەوە دوو جۆر یارمەتیی لەخۆدەگرێت:

**یارمەتیی کورتخایەن:** لەگەڵ گەیشتنت، ڕەنگە لە چەند ڕۆژی سەرەتادا هاوکاری خێرات پێشکەش بکرێت، بۆ نموونە پێشوازی کردنت لە فڕۆکەخانە، دابینکردنی شوێنی مانەوەی کورتخایەن، یارمەتیی پزیشکی، گواستنەوە، شادبوونەوە بە خێزان و هاوکاریی دارایی سنووردار.

**یارمەتیی درێژخایەن:** دەکرێت پلانێکی تێکەڵکردنەوە بۆ ماوەی تا 12 مانگ دابندرێت. ڕاوێژکاریی گەڕانەوە و تێکەڵکردنەوەت لە وڵاتی خانەخوێ و ڕێکخراوەکەمان لە وڵاتی خۆت باشترین بژاردەکانت لەگەڵ باس دەکەن و لەسەر جێبەجێکردنیان پاش گەڕانەوەت بۆ وڵاتی خۆت ڕێک دەکەون. نموونەی یارمەتیی تێکەڵکردنەوەی درێژخایەن ئەمانە لەخۆدەگرێت:

**نیشتەجێکردنی درێژخایەن و تێچووی پەیوەندیدار**

**یارمەتیی پزیشکیی بەردەوام**

**پەروەردە (خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی)**

**ڕاوێژکاریی و یارمەتیی کار بۆ دەستگەیشتن بە بازاڕی کار**

**یارمەتیی لە دامەزراندنی بزنسێکی بچووک**

**شادبوونەوە بە خێزان**

**ڕاوێژکاریی یاسایی و هاوکاریی کارگێڕی**

**هاوکاریی دەروونی-کۆمەڵایەتی**

لە هەردوو حاڵەتەکەدا، لە لایەن هاوەڵی تێکەڵکردنەوەکەوە یارمەتیی تایبەتت پێشکەش دەکرێت. ئەرکی ئەم کەسەش چاودێریکردنی پلانی تێکەڵکردنەوەتە و هەروەها ڕەنگە ڕەوانەی ڕێکخراوەکانی دیکەشت بکات.